سودانی سەنتەری شەرچەنجە لە نەخۆشخانەی مەرجان لە پارێزگای بابل بەسەردەکاتەوە

ئەمە پێنجشەمە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەردانی سەنتەری شەرچەنجەی لە نەخۆشخانەی مەرجان لە پارێزگای بابل کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەداچوونەوەی بەو خزمەتگوزارییە تەندروستی و پزیشکییانە کرد کە لە نەخۆشخانەی مەرجان لە ناوەندی شاری حللە پێشکەش دەکرێن.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، سودانی سەردانی بەشەکانی سەنتەری پسپۆڕی نەخۆشی شەرپێنجەی نەخۆشخانەکە کرد و چاوی بە کارمەندانی تەندروستی و پزیشکی کەوت کە لەو کاردەکەن، هاوکات چاوی بە هاوڵاتیان کەوت و گوێی لە بەچوونەکانیان گرت سەبارەت بە سروشتی ئەو خزمەتگوزارییە پزیشکی و چارەسەرییانەی کە نەخۆشخانەکە پێشکەشیان دەکات.